**ژمارە :103**

**بەروار : 2022/9/25**

## ووتەی هەفتانە

**لە گەڵ هاوکاتی دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی نوێ ، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پلانی داناوە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ورۆشنبیری لە ناو زانکۆ وقوتابخانەکان ، لە ڕێگای هەموو ئۆفیسی پارێزگاکانی هەڵبژاردنەکانەوە ، بە هاوکاری ورێکخستن لە گەڵ هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا ، و پەروەردە ، بۆ هاندانی ڕێژەی ئەو تەمەنانەی بۆیان هەیە بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنەکان و سەردانی ناوەندەکانی تۆمارکردن بکەن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری و وەرگرتنەوەی کارتی بایۆمەتری ، هەروەها بەردەوامبوون بە ئەنجامدانی ندوەی رۆشنبیری و وەرشەی رۆشنبیری بە هاوکاری وەزارەتەکانی وڵات و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ هاندانی دەنگدەران لە هەموو جۆرەکان بۆ بەشداریبوونیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ، هەروەها بەردەوامن لە پەیوەندیکردن بە ئامەرازەکانی راگەیاندنی خۆماڵیەوە لە ڕێگای فەرمانگای ڕاگەیاندن وپەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە لە ئۆفیسی نیشتیمانی وهۆبەکانی تایبەت بە ئەم بازنەیە لە ئۆفیسەکانی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان ، بۆ ئەنجامدانی چەند دیدارێکی تەلفزیۆنی وگفتوگۆکردنی رۆژنامەیی بۆ هۆشیارکردنەوەی لە سەر پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنی کارتی بایۆمەتری.**

**ولە ئەم قۆناغەدا کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەوڵی خۆی دەدات بۆ زیادەکردنەوەی پسپۆڕی کارمەندەکانی لە ڕێگای شارەزابوون لە ئەزموونی هەڵبژاردنەکان لە هەموو جیهان ، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کەوا ئەزموونی دیموکراسی بەهێزیان هەیە ، لە بەر ئەوە بکەوتنێك ئەنجامدار لە گەڵ وەزارەتی دەرەوە بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لە کۆتایی ئەم مانگە لە گەڵ کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هند دەربارەی بێ گەردی هەڵبژاردنەکان ،هەروەها بەردەوام دەبن لە کارکردن لە ڕێگای بەشی راهێنان وگەشەکردنەوە لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەنجامدانی کۆمەێك لە وەرشەی راهێنان بۆ کارمەندەکانی لە ئۆفیسی نیشتیمانی و هەموو ئۆفیسی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بۆ گەشەکردنی چالاکیە پیشەییەکانی کارمەندەکان .**

**هەروەها کۆمیسیۆن بەردەوامە لە ڕێگای فەرمانگای کاروباری حزبەکان ورێکخراوە سیاسیەکان و هۆبەکانی تایبەت بە هەموو پارێزگاکانی هەڵبژاردنەکان لە ڕێگای سەردانی مەیدانی بۆ شوێنەکانی پارتەکان وداخستنیان بە پێی سیستم و ڕێنمایەکانی تایبەت بە کاری فەرمانگاکە ، وێڕای هاندانیان بۆ وەرگرتنەوەی کارتی بایۆمەتری وئەنجامدانی پرۆسەی بایۆمەتری .**

**لە لایەنێکی ترەوە ، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان کاردەکات لە سەر جێبەجێکردنی بەرنامەی گەشەکردنی تایبەت بە ئافرەتان لە چوارچێوەی پلانەکانی ئستراتیجی کەوا دانراوە بۆ ساڵانی 2023-2027 بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ئافرەتان لە باری**

سیاسیەوە ، هەروەها وەرشەیەکی تەدریبی ئەنجام دەدەن بۆ ئە وئافرەتانەی کەوا لە ملاکی کۆمیسیۆنن لە بابەتەکانی ( جۆری کۆمەڵایەتی ، سیستمی هەڵبژاردنەکان ، کۆتا ، کاریگەری یاسای حزبەکانی عێراق لە زیارەکردنەوەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە ئاستی جیاواز ) .

هەروەها کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەردەوامە لە چالاکیەکانی لە هەردوو پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنەوەی کارتی بایۆمەتری لە ناوەندەکانی تۆمارکردن کەوا بڵاوکراوەتەوە لە چوارچێوەی عێراق ، کەچی (291.808) دەنگدەر تۆمارکراوە و (478.300) کارتی باۆمەتری دەنگدەر دابەشکراوەتەوە ، هەروەها کۆمیسیۆن کاردەکات لە سەر بەرێکردنی تیمی گەڕۆك بۆ هەموو دەزگاکانی حکومەت وشوێنی دانشتوانی هاوڵاتیان بە هاوکاری لایەنە ئەمنیەکانی تایبەت بە تۆمارکردنی دەنگدەران بە شێوەیەك لە بەرژەوەندی زیادەکردنی ڕێژەی تۆمارکردنی بایۆمەتری هەروەها ژمارەی تەلەفۆنی خۆڕایی _5667) تایبەت کردوە بۆ پێشوازیکردن لە پرسیارەکانی دەنگدەران وهەروەها پێشکەشکردنی کێشە وئەو بەربەستیانەی کەوا ڕووبەڕوو هەرودوو پرۆسەکە دەبێتەوە بۆ چارەسەرکردنیان .

بۆ ئەوانەی کەوا گرنگی دەدەن بە هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی فەرمی کۆمیسیۆن بکەن https://ihec.iq/biometric-registration بۆ بینینی ڕێژەگشتیەکانی پرۆسەکان بۆ هەردوو پرۆسەکە تۆمارکردن ودابەشکردنی بایۆمەتری .

وتەبێژی ڕاگەیاندن